


## راپۆرتێک لەبارەی :

# پرۆژەی وەبەرهێنانی
# تەنیشت روباری سیروان لە کەلار

## پێشەکی

ئیدارەی گەرمیان سەرپەرشتی پرۆسەیەک دەکات بۆ ئەوەی روخی روباری سـیروان لە قەزای کەلار، بکرێت بە پرۆژەی وەبەرهێنان، کە پرۆژەکانیش لە بواری جیاوازی نیشـتەجێبون و گەشـتیاری و بازرگانیدا خۆیان دەبیننەوە.
ئـەم پرۆژەیـە گەورەترین پرۆژەی وەبەرهێنـان دەبێت لە مێژوی ناوچەکەدا، چ لە روی قەبارەوە، چ لە روی تێچوشـەوە، هەربۆیە بارتەقـای گەورەییەکـەی، مقۆمقـۆ و قسـەوباس و لێکدانـەوەی جیاوازی دروست کردوە.
یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، بە پێویسـتی زانی راپۆرتـی ئـەم مانگـەی تەرخان بـکات بەو پرۆژەیـە و بە وردی لەسـەری بوەستێت و لەسەر زاری کەسانی شارەزا و بەرپرسان و هاوڵاتیانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجام بدات.

# بەشی یەکەم: ناساندنی پرۆژەکە

## ١. پرۆژەی وەبەرهێنانی تەنیشت روباری سیروان لەکەلار چیە؟

پرۆژەی وەبەرهێنانی سـەر روباری سـیروان لـە قەزای کەلار، لە گردەگۆزینەوە بە رۆخی روبارەکەدا دەستپێدەکات هەتا بەردەسور.
پرۆژەکەش بریتییە لە پرۆژەیەکی تێکەڵی (میکس) گەشتیاری و بازرگانی و نیشـتەجێبون، بەشـێوەیەک هەم پرۆژەی گەشتیاریی تێدا دەبێت، هەم یەکەی نیشـتەجێبون لە ڤێلا و خانو، هەمیش باڵەخانەی بازرگانی، لەگەڵ هەندێک خزمەتگوزاریی دیکەی وەکو ناوەندی خوێندن و تەندروستی و پەرستگا کە زۆرتر دەکەونە نێو پرۆژە نیشتەجێبونەکانەوە.
پرۆژەکە دابەشـکراوە بەسـەر (٥) زۆندا، زەوی پرۆژەکە بەشـی زۆری بـۆ وەزارەتـی دارایی و دواتر کشـتوکاڵ و گەشـتوگوزار و پاشان شارەوانی کەلار دەگەڕێتەوە.
بە کۆی گشـتی زۆنەکان خۆی لە ٢٤٠٠ دۆنم زەوی دەبینێتەوە، بـە درێـژی ٩ کیلۆمەتر، وۆڵی پرۆژەکـەش خۆی لە ٦٠٠ بۆ ٦٢٥ مەتر دەبینێتەوە.
کە لە برگەی داهاتودا وردەکارییەکانیان خراونەتەڕو.

## ٢. ناساندنی زۆنەکان

**زۆنـی یەکەم:** لە پردی گردەگۆزینەوە دەسـتپێدەکات بۆ پشـتی قەڵای شێروانە، لە سەروی ٤٠٠ دۆنم پێکهاتوە.

**زۆنـی دوەم:** لـە قەڵای شـێروانەوە دەسـت پێدەکات بۆ پشـتی بینـای بەڕێوبەرایەتـی ئاوی کەلار، لە ٣٦٠ دۆنم زەوی پێکهاتوە، ئەگەرچـی لـە روی روبەرەوە کەمترینـە لەنێـو زۆنەکاندا، بەڵام لـە روی گرنگییـەوە لەهەمویان گرنگترە، بەوپێیەی شـوێنەکەی دەکەوێتە ئاسـتی بازاڕی قەزای کەلار و ئەو فراوانبونەی کە بۆی کراوە بە ئاراستەی روباری سیروان.

**زۆنی سـێیەم:** لە پشـتی بینـای بەڕێوبەرایەتی ئـاوی کەلارەوە دەسـتپێدەکات تاوەکو پردی سـەر چەمی گەڕەکەکانی سیروان- گۆران «گازینۆ-حەمەی کەریم»، لە ٤٠٠ دۆنم زەوی پێکهاتوە.

**زۆنی چوارەم:** لە پردی پردی سـەر چەمی گەڕەکەکانی سیروان- گـۆران دەسـتپێدەکات تاوەکو پردی سـەر چەمـی گەڕەکەکانی گۆران- نەورۆز «گازینۆ- بەردەسـور»، روبەرەکەی بە دروسـتی نەزانراوە.

**زۆنی پێنجەم:** لە پردی سـەر چەمی گەڕەکەکانی گۆران- نەورۆز دەستپێدەکات بۆ فلکەی زانکۆی گەرمیان، روبەرەکەی بە دروستی نەزانراوە.

ئەگەرچی هەمو بەرپرسەکان ئاماژەیان بەوەدەدا پرۆژەکە ٥ زۆنە، بەڵام سـامان مەحمود، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی نەخشـەدانانی ئاوەدانی گەرمیان دەڵێت: ئەو پرۆژەیەی سـەر روباری سـیروان کراوە بە ٦ زۆنەوە کە لە گردەگۆزینەوە دەسـت پێدەکات تاوەکو بەردەسـور، کـە ٥ لـەو زۆنانە بۆ نیشـتەجێبونە هـاوکات زۆنی شەشەمی بۆ گەشتیاریە.
وەک تێبینـی دەکرێت زۆنەکانی چوار و پێنج بە روبەر و پێکهاتە و وردەکارییەکانیـان دیاریـی نەکراوە، بەوپێیەی تائێسـتا زۆرتر کار لەسـەر سـێ زۆنەکەی یەکەم تا سـێیەم کراوە، بەشێوەیەک کۆمپانیـای جێبەجێکاریشـیان بـۆ دیاریـی کراوە و لـە رێکاری ئیداریدان، بە جۆرێک زۆنی یەک دیاریکراوە بۆ کۆمپانیای بەیان، زۆنـی دو دیاریکـراوە بـۆ کۆمپانیای بێسـت رۆڵ و زۆنی سـێش دیاریکراوە بۆ کۆمپانیای HST.
بەوتەی بەڕێوبەری نەخشـەدانانی ئاوەدانی گەرمیان «لە ئێستادا تەنهـا زۆنـی دوەمـی ماسـتەرپلانی بۆ کـراوە و لـەلای ئێمەوە پەسـەند کراوە و مۆڵەتیشـی وەرگرتوە و نەخشەشـی بۆ کراوە لەلای ئێمە، دواتر نەخشـەی وردەکاری پرۆژەکە ئەکات و دێتەوە بەڕێوبەرایەتیمان».




**نەخشەی زۆنەکان بە گشتی**




**نەخشەی زۆنی یەک و دو**




**نەخشەی زۆنی سێ و چوار و پێنج و شەش**

## ٣. پێکهاتەی پرۆژەکە

وەک ئاماژەمان پێدا، پرۆژەکە پرۆژەیەکی تێکەڵی گەشتوگوزار و نیشتەجێبون و بازرگانییە، بەشێوەیەک لەناو هەریەکە لەو زۆنانەدا پرۆژەیەکی نیشتەجێبون لە خانو و ڤێلا و شوقە دروست دەکرێت، لەگەڵ ژمارەیەک باڵەخانەی بازرگانی کە هەم بۆ کاری بازرگانی بەکاردێن و هەم بۆ گەشتوگوزاریی، لەگەڵ ژمارەیەک خزمەتگوزاریی وەکو باخچە و کۆرنیش و شەقام.
لەکۆی زۆنەکان ئەوەی تێیدا جێگیرە لە ئێستادا، دروستکردنی جادەیەکی دوسایدە بە دەوری پرۆژەکەدا، لەگەڵ کۆڕنیشێک بە قوڵی ١٢٥ مەتر کە لە چەند ڕێڕەوێک پێکهاتوە، لەوانە: ڕێڕەوێک بۆ پیادەڕەوی، ڕێڕەوێک بۆ جادەی لاوەکی «٣٠ مەتری»، ڕێڕەوێک بۆ جادەی تایبەت بە پاسکیلسواری، ئەمە جگە لە بونی باخچە و روبەری سەوزایی.
هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان دەڵێت: «ئەو کۆڕنیشەی کە دروست دەکرێت خودی خۆی ١٠ مەتری دەبات و خزمەتگوزارییەکانی دیکەش ٤٠ مەتری دەبات، ئەوەی دەمێنێتەوە دەکرێت بە سەوزایی و دەبێتە پارکێکی گەورە بە کۆمەڵێک خزمەتگوزارییەوە.
بەوتەی بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، لە پرۆژە نیشتەجێبون و بازرگانی و گەشتیارییەکان دا وەبەرهێن بەپێی بیرۆکەی خۆی و ئەو ستافە ئەندازیارییەی کە هەیەتی بڕیاری لەسەر دەدات کە چی لێبکات بەپێی ئەو سایت پلانەی کە دروستی دەکات، بۆنمونە لە پرۆژە نیشتەجێبونەکان دا دەتوانێت هەموی بکات بە شوقە دەشتوانێت هەموی بکات بە ڤێلا، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی دەبێت کۆمەڵگەی وەرزشی و پەروەردەیی و تەندروستی تێیدا دروست بکرێت.
سەبارەت بە نرخی ئەو یەکە نیشتەجێبونانەی کە دروست دەکرێن لەگەڵ ئالیەتەکانی دابەشکردنیان، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان دەڵێت: نرخی یەکەکان دیاریی نەکراون، هیچ ئالیەتێکیش نیە بۆ دابەشکردنی ئەو یەکانەی کە هەیە لەوێ، چونکە پرۆژەیەکی بازرگانیە و وەبەرهێن ئازادە بە چەند دەیفرۆشێتەوە.
لەبارەی ژمارە و تایبەتمەندی باڵەخانە بازرگانییەکانیشەوە، هونەر مەحمود، دەڵێت: باڵەخانە بازرگانیەکان و گەشتیارییەکان دیارنین کە ژمارەیان بە وردی چەندن، بەڵام نابێت هەریەکەیان لە ٣ نهۆم زیاتر بێت بەتایبەت دەوروبەری قەڵای شێروانە.

## ٤. پێکهاتەکانی زۆنی دو

جیاواز لە زۆنەکانی دیکە، زۆنی دو لە ئێستادا یەکلابوەتەوە کە چی تێدا دەکرێت و پرۆژەکەش لە ڕێکاری مۆڵەتوەرگرتن دایە.
ئەم زۆنە لە پرۆژەی: (نیشتەجێبون، گەشتیاری، بازرگانی، پەروەردەیی، تەندروستی و وەرزشی) پێکهاتوە، بەشێوەیەک ٢٣٠ دۆنم زەوی پرۆژەکە بۆ بوارەکانی وەکو بازرگانی و گەشتیاری و سەوزایی و خزمەتگوزاریی...هتدە، ١٣٠ دۆنم زەویەکەی دیکەش بە تەنها بۆ پرۆژەی نیشتەجێبونە.
بەوتەی هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، ئەم زۆنە ٦٠٪ی روبەرەکە بۆ پرۆژەی نیشتەجێبونە بە یەکە و خزمەتگوزاریی و سەوزاییەکانی ناویەوە، ٢٠٪ی بۆ پرۆژەی گەشتیاری و بازرگانییە وەکو: مۆڵ، ریستۆرانت، هۆڵی بۆنەکان، کافتریا و ...هتد، ٢٠٪ی کۆتاییش بۆ شەقام و جادە و سەوزایی و خزمەتگوزارییەکانە.
ئاماژەی بەوەشکرد: لەنێو پرۆژە نیشتەجێبوەکەش دا، مۆڵەتی دروستکردنی ٨٥٠ یەکەی نیشتەجێبونی تێدا دراوە کە ٦٠٠ یەکەی بە ڤێلا و ٢٥٠ یەکەی بە شوقە دروست دەکات.
هاوکات لەم زۆنەدا، ٢ قوتابخانەی ١٨ پۆلی، باخچەی ساوایان، بنکەی تەندروستی، بنکەی ئاگرکوژێنەوە و بنکەی پۆلیسیشی تێدایە.

## ٥. گوژمە و ماوەی تەواوبونی پرۆژەکە

جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان و بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، دەڵێن: گوژمەی پرۆژەکە بەهەر پێنج زۆنەکەیەوە، خۆی لە سەروی ١ ملیار دۆلار دەدات، ئەمەش بە هەمو پێکهاتە و بەشەکانییەوە.
لەبارەی ماوەی تەواوبونی پرۆژەکەشەوە، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، دەڵێت: ماوەی تەواوبونی هەر پرۆژەیەکی وەبەرهێنان کە پێی دەدرێت نابێت کەمتر بێت لە ٤ ساڵ، وەک وەبەرهێنانیش کە فەرمانی دەستبەکاربونی بۆ دەکرێت ڕەنگە بکرێت بە ٥ ساڵ.

## ٦. چۆنیەتی پێدانی پرۆژەکە و سەرپەرشتیکردنی

ئالیەتـی پێدانـی پرۆژەکان بە کۆمپانیـاکان رون نیە، ئەمەش بە وتەی هاولاتیان، بەرپرسـێکیش جەخـت دەکاتەوە کە بانگەوازی کۆمپانیاکانیان کردوە.
ئازاد عەبدوڵلا، هاولاتی لەکەلار، دەڵێت: نازانرێت ئەم گرێبەستانەی پرۆژەکە چۆن دەکرێت و چۆن کراوە.
وتیشی: یەکە ئیدارییەکان دەڵێن بەشێکی پرۆژەکە بۆ هاولاتیانە کـە دەتوانن بەبـێ بەرامبەر بەکاری بهێنن، بەلام لە ئایندەدا چی ئەگوزەرێت بەرچاو رونی نیە.
لەبەرامبـەردا و لەبـارەی ئـەوەی پرۆژەکان لەسـەر چ بنەمایەک بـە کۆمپانیـاکان دراون؟ هونـەر مەحمـود، بەڕێوبـەری گشـتی وەبەرهێنانـی گەرمیـان دەڵێت: لـە رێگەی راگەیاندنـەوە رامان گەیانـد کـە وەبەرهێن ئاگادار بو پرۆژەیەکی لەوشـێوەیە هەیە و هاتونەتە پێشەوە.
وتیشی: پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە رێگەی بانگەوازەوە نابێت، بەلام ئەم پرۆژەیەی سـەر روباری سیروان چونکە پرۆژەیەکی فراوانە و خۆشمان داوامانە کردوە کە چۆن بێت، بۆیە بلاوکراوەتەوە.
ئەوەیشی کە تێبینی دەکرێت، حکومەت هیچ نەخشە و دیزاینێکی ئامادەکـراوی بـۆ پرۆژەکـە نییـە و نەبـوە کـە لەسـەر بنەمای جێبەجێکردنی ئەو نەخشـەیە وەبەرهێنەکان بانگهێشـت بکات بۆ جێبەجێکردنی.
بەوتەی بەڕێوبـەری وەبەرهێنانی گەرمیـان، کۆمپانیاکان خۆیان لەرێگەی نوسـینگە ئەندازیارییـەکان و دیزاینـی ئەندازیارییەوە، نەخشەی پرۆژەکانیان دارشتوە.
لەم خاڵەشدا رای کشتوکاڵی گەرمیان جیاواز بوە.
شـادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشـتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: لیژنەیـەک پێکهێنرا لە ئیدارەی گەرمیان بۆ دیاریکردنی زۆنەکانی سـەر روبارەکە، پێشـنیارمان کرد نابێت کۆمپانیا دەرخسـتە بە ئێمـەی بـدات، بەڵکو دەبێت ئێمە دەرخسـتە و پرۆپۆزەڵ بدەین بە کۆمپانیاکان و کامیان ئامادەییان هەیە پرۆژەکەمان بۆ ئەنجام بدەن بەوانی بدەین.
لەبارەی سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکەشەوە، جێگری سەرپەرشتیاری ئیـدارەی گەرمیان بـۆ کاروباری هونەری، ئامـاژە بەوەدەکات کە ئـەوان تەنها ئەڵقەی پەیوەندی نێـوان دەزگا پەیوەندیدارەکانن و سەرپەرشتی ناکەن.
هاوکات، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان دەڵێت: بەپێی یاسـای ژماری ٤ـی سـاڵی ٢٠٠٦، بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنـان بڕیـاردەری پـرۆژەی وەبەرهێنانـە و سەرپەرشـتی رێـکارە ئیدارییەکانـی دەکات، بەلام وەک خـودی پرۆژەکە ئێمە سەرپەرشتی ناکەین.
وردەکاری چاودێریی پرۆژەکە لەلایەن نوسـینگەیەکی ئەندازیاریی سـەربەخۆوە جێبەجـێ دەکرێـت، ئەمـەش بەگوێـرەی یاسـای وەبەرهێنان.
هونـەر مەحمـود، لەوبـارەوە وتـی: کاتێـک فەرمانـی مۆڵەت و دەستبەکاربون بۆ پرۆژەیەک دەکەین، تەندەرین بۆ نوسینگەکانی ئەندازیاری دەکەین لە رێگەی سـەندیکاکانەوە کە نوسـینگەیەک هەبێت سەرپەرشـتی بـکات، بەپێـی رێنماییەکانـی وەبەرهێنان تیمێکـی ئەندازیاری بەهەمو پسـپۆڕیەکانەوە کـە ژمارەیان لە ٣ بۆ ٦٠ ئەندازیار دەبێت بەپێی رێنماییەکان سەرپەرشتی پرۆژەکە دەکـەن، لە کۆی گوژمـەی ئەو پرۆژەیەش ١٪ـی داهات بۆ ئەو نوسینگەیەیە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەیەکی ئەندازیاری دیکە لـە فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی وەک: (پەروەردە، تەندروسـتی، شـارەوانی و... هتـد) پێکدەهێنرێت و لە رێگـەی بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانەوە چاودێری دەکرێت.



## ٧. ئەو داهاتانەی حکومەت لە پرۆژەکەوە دەستیدەکەوێت

بەوتەی بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، پرۆژەکە تەنها لە سێ زۆنی دا زیاتر لە ٩ ملیار دینار داهاتی بۆ خەزێنەی گشتی لێدەکەوێتەوە.
هونەر مەحمود، دەڵێت: بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان لە ٪١ـی کۆی گوژمەی هەر پرۆژەیەک کە دەخەملێنرێت دەگەڕێتەوە بۆ وەبەرهێنان، ئەمە جگەلەوەی کە کرێی ساڵانەش دەبێت لە پرۆژەکاندا.
وتیشی: بەپێی یاسای ژمارە ٤ـی ساڵی ٢٠٠٦، لەبەرامبەر هەر زەویەک کە دەدرێت بە وەبەرهێن لە ٪١ـی پارەی کۆی پرۆژەکە بۆ ئێمە دێتەوە، بۆنمونە ئەگەر پرۆژەیەک بای ١٠٠ ملیۆن دۆلار بێت ئەوە ١ ملیۆن دۆلاری بۆ وەبەرهێنانە.
بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیان ئاماژەی بەوەشدا: لە ئێستادا ئەم زۆنانە کە هەیە ٣ دانەی بۆ وەبەرهێن دەرچوە، ئەگەر هەر زۆنێکی کۆی پرۆژەکەی بە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بخەملێنرێت ئەوە بۆ هەر ١٠٠ ملیۆن دۆلاری لە ٪١ـی لێوەردەگیرێت، واتە کۆی هەر سێ زۆنەکە ٦ ملیۆن دۆلار دەکات، ئەگەر بە دیناریش دایبنێین دەکاتە ٩ ملیار دینار، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە خەزێنەی گشتی.
جەختی لەوەشکردەوە: هەر زەویەک کە دەدرێت بە وەبەرهێن ئێمە لە بەرامبەردا بەپێی ڕێنمایی ژمارە ٢ـی ساڵی ٢٠٢١ بە بڕیاری ژمارە ٥٨٥ پارە وەردەگرین بۆ ئەو پرۆژانەی کە هی وەبەرهێنانە و بەشێوەی ساڵانە دەدرێت بە کرێ، بەجۆرێک بۆ پرۆژەی بازرگانی ٪١٠ـی لێوەردەگرین بۆ پرۆژەی تەندروستی ٪١٠ـی لێوەردەگرین بۆ دروستکردنی بانکی ئەهلی ٪٢٠ وەردەگرین.
وتیشی: بەڵام بۆ یەکەی نیشتەجێبون جیاوازە، کۆی پرۆژەکە لە ٪١٧ بۆ ٪٣٣ وەردەگرین، بۆ نمونە زۆنی دو کۆی پرۆژەکە دەخەملێنرێت کە چەندە و دواتر ئەو ڕێژەیەی سەرەوەی لێوەردەگرین، ئەمە جگە لەوەی کە کاتێک تۆمار (تاپۆ) دەکرێت ڕێژەیەکی دیکەش پارە دێتەوە بۆ حکومەت، بۆنمونە ئەگەر هەزار یەکە تۆمار بکرێت ئەوە نزیکەی ٣ بۆ ٤ ملیار دینار داهاتی دەبێت بۆ حکومەت کە پارەی ئەو تاپۆیەش هەر وەبەرهێن دەیدات.
بەهەمان شێوە، ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار وتی: هەر پرۆژەیەکی وەبەرهێنان کە ئەنجام دەدرێت لە سنورەکە، ٪٢٠ـی داهاتەکەی بۆ شارەوانیە و ٪٨٠ـی دیکەی دەچێتەوە خەزێنەی دەوڵەت، بۆ نمونە لە پرۆژەیەکی وەبەرهێنان ئەگەر ١٠٠ ملیۆنی بگەڕێتەوە بۆ شارەوانی ٨٠ ملیۆنی دەچێتە خەزێنەی دەوڵەت و ٢٠ ملیۆنی بۆ شارەوانی خەرج دەکرێت، ئەمەش بە پێی یاسا دەکرێت.

## ٨. بۆچونی وەبەرهێنەران لەبارەی پرۆژەکەوە

هادی عەبدولرەحمان، خاوەنی کۆمپانیای HST کە وەبەرهێنان لە زۆنی سێیەمی پرۆژەکەدا دەکات، باس لەوە دەکات: لە ئێستادا ماملەکەمان پێشکەش کردوە بۆ زۆنی سێیەمی پرۆژەی سەر روباری سیروان، ئەم پرۆژەیەش کە دەکرێت پێویستە ببێت بە موڵکی هاوڵاتیان نەک ئێمە، چونکە لە هەمو وڵاتان ئەمجۆرە پرۆژانە هەن نزیکەی ٥٠ بۆ ٦٠ مەتری لەلایەن هاوڵاتیانەوە بەکاردەهێنرێت.
وتیشی: بۆنمونە من ١٠٠٠ مەتر دەکەم بە پرۆژەیەک دەبێت ئەو باقی هی هاوڵاتیان بێت، من بە پرۆژەی نیشتەجێبون پێشکەشم کردوە، بەدرێژای ١٢٥ مەتر جادەیەکی ٣٠ مەتری تێدایە لەگەڵ ١٠٠ مەتری ئەکرێت بە باخچە، ئامانجی کارەکەش سەوزکردنی روبارەکەیە، چونکە بوە بە شوێنی کارگەکان.
سەبارەت بەوەی چەند دۆنم زەوی تەرخان کراوە بۆ زۆنی سێیەم، خاوەنی کۆمپانیای HST جەختی لەوەکردەوە: لە دەستی ئێمەدا نیە کە چەند دۆنم زەویمان بۆ تەرخان دەکرێت، ئەوەی هەیە کراوە بە ٥ زۆنەوە زۆنەکان دیاری دەکات کە چەند دۆنمە، لەگەڵ ئەوەش هەرچەند بێت ئێمە وەری دەگرین.
هاوکات، حەسەن شێخ محەمەد تاڵەبانی، خاوەنی کۆمپانیای بێست ڕۆڵ لەبارەی ئەو زۆنەی کە بۆی دیاری کراوە لەسەر پرۆژەکەی روباری سیروان ئامادە نەبو لێدوان بدات، وەکخۆی دەڵێت: «لە ڕێکاری ئیداری دایە و تاوەکو ئێستا تەواو نەبوە».

## ٩. بازرگانێک: پرۆژەکە دو روی هەیە

بازرگانێک جەخت لە گرنگی پرۆژەکە دەکاتەوە، هاوکات ئاماژە بەوەش دەدات کە دو روی هەیە.
محەمەد ئەحمەد، بازرگان لە گەرمیان باس لەوە دەکات: ئەم پرۆژەیە کە لەسەر روباری سیروان دەکرێت پرۆژەیەکی مۆدێرنە و ماستەرپلانەکەیم بینیوە، هاوکات ئەگەر وەکخۆی ئەنجامبدرێت و دروست بکرێت، بوژانەوەیەکی ئابوری باش بە شارەکە دەدات.
دەشڵێت: ئەم پرۆژەیە دو روی هەیە، رویەک ئەوەیە کە باسی لێوەدەکەن هاوڵاتیان لێی سودمەند دەبن کە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری و پارکی گەشتیاری و ریستورانتی تێدایە لەگەڵ ئەو کۆڕنیشەی، بەڵام روە بازرگانیەکەی هەمو کەسێک ناتوانێت لێی سودمەند بێت ئەوەی هەیە تەنها خەڵکی دەوڵەمەند دەتوانێت سودی لێوەربگرێت.
جەختی وەشکردەوە: ئەم پرۆژانە گرنگن بۆ ناوچەکە بەتایبەت گەشتیاریەکەی و بونیان زۆر باشە، بەتایبەت ئەم پێنچ زۆنەی کە باسی لێوە دەکرێت ئەگەر وەکخۆی جێبەجێ بکرێت.

# بەشی دوەم: تێبینییەکان لەسەر پرۆژەکە

## ١. شوێنەکە گەشتیارییە و دەکرێتە نیشتەجێبون

بەشـێک لە هاوڵاتیان پێیانوایە ئەو شوێنە بۆ پرۆژەی گەشتیاری گونجاوە نەک نیشتەجێبون.
ئـازاد عەبدوڵڵا، هاوڵاتـی لە قەزای کەلار، دەڵێـت: قەزای کەلار پانتاییەکی فراوانی هەیە لە زەوییەکی تەخت، هاوکات ناوچەیەکی بازرگانیـە و رێژەیەکـی زۆر دانیشـتوانی تێدایـە، دەکرا جگە لە پـرۆژە بازرگانیەکان پرۆژە گەشـتیاریەکانیش ئاوڕێکی جدیتریان لێبدایەتەوە، ئەم پرۆژەیەی کە دەکرێت لەسـەر روباری سـیروان دەکرا شـوێنێکی گەشـتیاری باشـتری تێـدا دروسـت بکرایە بۆ ماوەیەکی زەمەنی زیاتر لەوەی کە ئێستا هەیە و میکس کراوە.
«کاتـی خـۆی کـە کانەکانی چەو و لم لەسـەر روباری سـیروان لابران هۆکارەکەی بۆ مانەوەی روبارەکە بو وەکخۆی و پاراسـتنی رێژە سـەوزاییەکەی سـەریەتی کە هەیە، ئێستاش هاتون یەکەی نیشـتەجێبونی تێدا دروست دەکەن». ئومێد جومعە، هاوڵاتی لە قەزای کەلار وا دەڵێت.
هێمای بۆئەوەشکرد: هەر بەوەشەوە نەوەستاون کۆمەڵێک پرۆژەی نیشـتەجێبون کـراوە خەڵکـە دەوڵەمەندەکەیـان لـە فەقیرەکە جیاکردوەتـەوە، بەڵگـەش بۆ ئەمە کەسـێکی ئاسـایی ناتوانێت ڤێلایەک بکرێت بە ٢٥ دەفتەر دۆلار.
هاوکات، ئارام قەحتان، هاوڵاتی لە قەزای کەلار، وتی: هاوڵاتیانی گەرمیـان بـە گشـتی پێیان خۆشـە پرۆژەیەکی لەو شـێوەیە لە سنورەکە هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەزمونێکی تاڵیان هەیە لەگەڵ پرۆژەکانـی وەبەرهێنـان، بۆیـە دەکرا ئەم پرۆژەیە گشـتی بێت نەک تایبەت و تەنها چینێکی هاوڵاتیان لێی سـودمەندبن، چونکە زۆرینەی هاوڵاتیانی گەرمیان سود لەو پرۆژەیە نابینن و کەمترین رێژەی گەشتیاری تێدا رەچاوکراوە.
لـەم بۆچونـەدا ئەنجومەنـی پارێزگای سـلێمانیش هـاوڕای ئەو چالاکوان و هاوڵاتیانەیە.
کەریـم عەلـی، ئەندامـی ئەنجومەنی پارێزگای سـلێمانی دەڵێت: وەک ئەنجومەن بەدواداچونمان کردوە و سـەردانی چەند لایەنێکی ئیـداری پەیوندیدارمـان کـردوە تێبینـی خۆمـان داوەتـە لایەنە پەیوەندیـدارەکان، دواتـر یاداشـتێکمان ئاراسـتەی ئەنجومەنی پارێـزگا کـردوە کە ناوەڕۆکەکـەی خۆی دەبینێتـەوە لەوەی ئەو بەشـەی لێواری روباری سـیروان کە دەکەوێتە تەنیشـتی قەزای کەلار تەنها بۆ پرۆژەی گەشتوگوزار بەکاربهێنرێت.
دەشڵێت: دواتر سـەرۆکایەتی ئەنجومەن یادشتەکەیان ئاراستەی لیژنەی پلان و پرۆژەکان کرد، ئەوانیش لەلایەن لیژنەی ناوبراوەوە پشـتگیری یاداشـتەکەمان کـراو بەنوسـراو ئاراسـتەی ئیدارەی گەرمیـان کـرا، لەبەرامبەردا ئیدارەی گەرمیان بەنوسـراو وەڵامی ئەنجومەنی پارێزگای سـلێمانیان دایەوە و کۆنوسـێک کە واژووی بەشێک لەلایەنە پەیوەندیدارەکانی لەسەرە هاوپێچی نوسراوەکەیە و تیادا بەچەند خاڵێک رونکردنەوەیان لەسەر ئەو پرۆژانە داوە.
پسـپۆڕێکی ئەندازیارییش جەخت لەو بۆچونـە دەکاتەوە کە ئەو سنورە بکرایەن بە پرۆژەی گەشتیاریی.
د.غـازی بەهرۆز، دکتۆرا لە ئەندازیاری شارسـتانی و مامۆسـتای زانکـۆی گەرمیـان، بـاس لەوەدەکات: ئـەم پرۆژەیە کە لەسـەر روباری سیروان دەکرێت و بەشێکی پرۆژەیەکی گەشتیارییە گرنگە بۆ ناوچەکە، بەڵام هاوڕانیم لەوەی پرۆژەی گەشـتیاری و یەکەی نیشـتەجێبون تێکەڵ کراوە، دەکرا بکرێتە پرۆژەیەک لە خزمەتی گەشـتیاری بێت، بۆ نمونە بکرایە بە ڤێلا و شوقەی گەشتیاری و رستورانت نەک نیشتەجێبون و بفرۆشرێتەوە بە هاوڵاتیان.
وتیشـی: ئەو کۆڕنیشـەش کـە بڕیارە بکرێـت و خزمەت دەکرێت زیاتـر دەکەوێتـە خزمەتی ئـەو هاوڵاتیانەی کە لەوێ نیشـتەجێ دەبن، نابێت بە شوێنی گەشتیاری.
لەبەرامبـەردا، رامیـار عەبدولڕەحمـان، جێگری سەرپەرشـتیاری ئیـدارەی گەرمیـان بۆ کاروباری هونـەری، دەڵێت: وەک ئیدارەی گەرمیـان لەگـەڵ ئەوەبویـن بکرێت بـە پرۆژەیەکی گەشـتیاری، بـەڵام وەبەرهێن ئامادەنەبو بە تەنها بیـکات، بەڵکو داوایان کرد بازرگانی و نیشتەجێبونیشـی تێکەڵ بکرێت، بۆ ئەو مەبەسـتەش بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنان و دەزگاکانی پەیوەندیداریش هەماهەنگ بون بکرێت بە پرۆژەیەکی تێکەڵ.
دەشـڵێت: بـۆ ئەو مەبەسـتەش لیژنەیەک پێکهێنـرا لە نوێنەری لایەنـە پەیوەندیـدارەکان بۆ پشـکنینی ئـەو زەویانـەی کە بەر پرۆژەکە دەکەون لەسەر روبارەکە.
بەڕێوبەرێکیش جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو پرۆژەیەی سەر روباری سیروان بەتەنها بۆ گەشتیاری نابێت.
شـادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشـتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیەوە رەخنە هەبو کە پرۆژەکە نابێت تێکەڵ بکرێت و یەکەی نیشـتەجێبونی تێدابێت، وەک خۆم لەگـەڵ ئەوەدا نیم، چونکە بودجەیەکی زۆری تێدا خەرج دەکرێت دەبێت داهاتێکی دەست بکەوێت، بۆیە بڕیارماندا تێکەڵ بکرێت و پرۆژە گەشتیاریەکەش لەبەرچاو بگیرێت.
بـە رای د. غـازی بەهرۆز، مامۆسـتای زانکۆی گەرمیان، راسـتە پرۆژەکـە جۆرێـک لە گەشـتیار سـەردانی دەکات، بـەڵام نابێت بە پرۆژەیەکی گەشـتیاری، دەشـڵێت: بۆیە دەکرا شـوێنی هۆڵی رۆشـنبیری و ئەنجامدانی چالاکی گەنجان و کۆمەڵگەی وەرزشـی و بازاڕێکـی سـەردەمیانە و یاریگای منـاڵان و نافورە و باخچەی ئاژەڵانی تێدا دروسـت بکرایە، لەبەر ئەوەی گەشـتیار لە دەرەوە دێت بۆ ئەوەی شـوێنەکە ببینێت، ئەگەر ئەم خزمەتگوزارییانەی تێدا بکرایە، ئەوکات نیشتەجێبونەکەش هەبێت گرفتێک نابێت.
لەبەرامبەردا هێرش فەیزوڵڵا، بەڕێوبەری گشـتی گەشـتوگوزاری گەرمیـان باس لـەوە دەکات: وەبەرهێن نایەت بـە تەنیا پرۆژەی گەشـتیاری ئەنجام بدات، چونکـە بودجەیەکی زۆری تێدەچێت و بـە بلیتی ٥٠٠ دیناری و یاری منـاڵان کۆنابێتەوە بۆی، دەیەوێت پرۆژەی بازرگانی تێکەڵ بکات وەک ئەمەی سەر روباری سیروان.
وتیشـی: زەوی باش و نایابیشـمان هەیە، بـۆ نمونە ٢٠٠ دۆنمان هەیە لە بەردەسـور چی وەبەرهێنێـک دەیەوێ بیکات بە پرۆژەی گەشـتیاری ئـەوا بەهەمـو شـێوەیەک هـاوکاری دەبیـن، بەچی شێوەیەک دەیەوێت پێی دەدەین.
بـەڵام ئەیـاد محەمـەد، چالاکوان لە کـەلار دەڵێـت: ئێمە وەک چالاکوانان نیگەرانین لەم پرۆژەیە، چونکە دەکرا روباری سـیروان بکرایـە بـە بەنـداو و بۆ پـرۆژەی کشـتوکاڵی و حەوزی ماسـی بەکاربهێنرایە کە بە درێژای ٩ کیلۆمەتر دراوە بەو پرۆژەیە.
دەشـڵێت: پاسـاوەکەی حکومـەت ئەوەیە کـە وەبەرهێن بەدەم پرۆژەکـەوە نەهاتوە ئەگەر بەتەنها گەشـتیاری بێت، ئایا گرەنتی چیە سبەینێ مەسئول و کەسەکان ئەو پرۆژەیە سیاج ناکەن؟

## ٢. کێشەی کۆڕنیشی پرۆژەکە




دیزاینی کۆڕنیشی پرۆژەکە

کۆڕنیشی پرۆژەکە، یەکێکە لە گرنگترین بڕگەکانی، بەوپێیەی هەم پرۆژەیەکی گەورەیە، هەمیش تازە و بێپێشینەیە لە سنورەکەدا. هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، دەڵێت: کۆڕنیشـەکە لەگەڵ پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی دیکە و سـەوزایی دا خەملاندنـی بۆ کراوە، بەشـێوەیەک هەر زۆنێک بڕی ١٠ ملیۆن دۆلاری تێدەچێت.

لەبارەی ئەوەی ئەم کۆرنیشـە جۆن جێبەجێ دەکرێت، لەکاتێکدا پرۆژەکـە دابـەش بـوە بەسـەر ٥ زۆن و ٥ کۆمپانیـای جیـاواز جێبەجێی دەکەن، هونەر مەحمود وتی: هەمو کۆمپانیاکان بەیەک پاکێج دروستی دەکەن و یەک دیزاینی هەیە.

لەلایەکـی دیکـەوە چالاکوانـان ئامـاژە بەوەدەکەن لە کۆنوسـی یەکەمـی پرۆژەکـەدا، ئـەو قوڵـی پانییەی بۆ کۆرنیشـی سـەر روبارەکـە دانرابو، ١٧٥ مەتر بو، کەچی لە کۆنوسـەکانی دواتردا کەمکراوەتـەوە بـۆ ١٢٠ مەتـر «هەندێکیان دەڵێـن ١٢٥ مەتر»، ئەمـەش بەخشـینی قوڵـی ٥٥ مەترە لە خزمەتی گشـتییەوە بۆ خزمەتی پرۆژەکانی نیشتەجێبون.

ئاراز محەمەد، چالاکوان لە کەلار وتی: ئەو کۆڕنیشەی کە دیاریکرابو دەبوایە ١٧٥ مەتر بێت کە جادەیەکە بە ئاراستەی روباری سیروان و جێگەی هاتوچۆ و پیادە و پاسکیل جیابکرێتەوە، هاوکات پارک و سەوزایشی تێدابێت بۆ حەوانەوەی هاوڵاتیان، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕون لە کۆنوسێکی تردا کە گوایە روباری سیروان ئەو پانتاییەی نیە بۆ کۆڕنیشـەکە و سـتاندارد نیە، کەمکرایەوە بۆ ١٢٠ مەتر و کار بە کۆنوسی دوەم دەکرێت وەک لە یەکەم.

دەشـڵێت: کاتێک رۆخی سـیروانی گەشـتیاری دەکرێت بەشیش و چیمەنتـۆ و بلـۆک، بـۆ رۆژێـک ودوان نیە، بەڵکو بۆهەمیشـە وایە و دەبێتە موڵکی چەند کەسـێک و زۆر بە ئاسـانی دەکرێت سـەرمایەدارەکان لە حەوشـەی ڤێلایەک خۆشبن و ببرێنە داوەوە نەک شارێکی٣٥٠ هەزار کەسی ببرێتە دواوە.

هـاوکات، ئومێد جومعـە، هاوڵاتی لە قەزای کـەلار، دەڵێت: ئەو کۆڕنیشـەی کە دیاریکراوە یەکەمجار لە ماستەرپلانەکەدا و ئێستا دەسـتکارییان کردوە، ئەمەش مانای وایە بەرژەوەندی بازرگان و قسـەی وەبەرهێن لە پێـش هاوڵاتیەوەیە، بەڵگـەش ئەوەیە ئەم پرۆژەیە بۆ چەند کەسێک و حزبە.

لـە وەڵامـی ئـەم رەخنەیـەدا، رامیـار عەبدولڕەحمـان، جێگری سەرپەرشـتیاری ئیدارەی گەرمیان بۆ کاروباری هونەری، دەڵێت: ئـەو لیژنەیەی کە پێکهێنرا و سـەردانی روبارەکەی کرد سـەرەتا هەموان پێیانوابو ١٧٥ مەتری بکرێت بە کۆڕنیش و خزمەتگوزاری و باخچـە بۆ هاوڵاتیان کە بەبێ بەرامبەر دەتوانن بەکاری بهێنن، بەڵام کە سـەردانی روبارەکە کرا بەشـێکی زۆری روبارەکە قوڵایی نیە، بۆیە لیژنەکە پێیانوابو بۆ ئەوەی هاوسـەنگی لە کۆڕنیشەکە هەبێـت کەمیانکـردەوە بـۆ ١٢٠ مەتر، چونکە لـە گردەگۆزینەوە تاوەکو دەگاتە گۆران «گازینۆ» گرفتی زەوی نیە بۆ کۆڕنیشەکە، لە دوای ئەوەوە قوڵایی کەمە.

وتیشـی: ئەمە لە کاتێکدایـە پێیانوابو کەمبکرێتەوە بۆ ١٠٠ مەتر رێگەمان نەداوە، ئەو ٥٥ مەترەی کە کەمکراوەتەوە دابەشدەکرێت بەسەر پرۆژەکەدا و لەو رێژە سەوزاییەی کە هەیە کەم ناکرێتەوە.

بەڕێوبـەری نەخشـەدانانی ئاوەدانـی گەرمیانیـش پێیوایـە ئەو کۆڕنیشـەی کە دیاری کراوە لە کۆنوسـی دوەمـدا هەقی تەواوی پێدراوە.

سـامان مەحمود، دەڵێت: ئەو کۆڕنیشەی کە دانراوە بۆ پرۆژەکە هەقی تەواوی پێدراوە، چونکە شـوێنی پیادەی هاوڵاتیانی تێدایە هـاوکات شـوێنی لێخوڕینـی پاسـکیلی تێدایە لەگـەڵ باخچە و کۆمەڵێک خزمەتگوزاری دیکە.

جەختی لەوەشکردەوە: کەمکردنەوەکە بە لیژنە کراوە و نوێنەری هەمـو دەزگا پەیوەندیدارەکانـی تێدابوە، چونکە لە وڵاتانی دیکە کە لێکۆڵینەوە کراوە لەو رێژەیە کەمترە.

«ئـەو کۆڕنیشـەی کـە کەمکراوەتـەوە لەلایـەن لیژنەیەکـی تایبەتمەندەوە بڕیاری لەسـەر دراوە لەلایەن ئیدارەی گەرمیانەوە کە لە ١٧٥ مەترەوە کەمبکرێتەوە بۆ ١٢٠ مەتر». هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان وا دەڵێت.
سـەبارەت بـەو (٥٥) مەترەی کە لە کۆڕنیشـەکە کەمکراوەتەوە دەکرێـت بەچـی؟ بەڕێوبـەری وەبەرهێنانـی گەرمیـان جەختی لەوەکردەوە: دابەش دەبێت بەسەر پرۆژە تێکەڵەکەدا.
جیاواز لەو بەڕێوبەرانە، بەرێوبەری کشـتوکاڵی گەرمیان رای وایە کە نەدەبو روبەری کۆرنیشەکە کەم بکرایەتەوە.
شـادیە حسـێن، دەڵێت: سـەرەتا و لە کۆنوسـی یەکـەم هەمو لایەنـەکان رێکەوتیـن کۆڕنیشـەکە کـە بـۆ خزمەتـی هاوڵاتیان دانـراوە ١٧٥ مەتـر بێت، بەڵام دواتر نوسـراوێکم بۆهات لەلایەن کۆمپانیایەکەوە بەناوی (ماری نامێکس) داواکرابو کۆنوسی دوەم پەسەند بکرێت و کرا کە کۆڕنیشەکە کەمکرایەوە بۆ ١٢٠ مەتر.
باسـی لەوەشـکرد: دوابەدوای ئـەوە ئێمە نوسـراومان کرد ئایە ئـەم (٥٥) مەترە کـە کەمکراوەتەوە لەسـەر چ بنەمایەک کراوە و بۆچی بەکاردەهێنرێتەوە و پاڵپشـتی کۆنوسی یەکەم دەکەین، دواتـر لـە وەڵامی ئیـدارەی گەرمیان کە بۆمان هاتەوە کۆنوسـی دوەم پەسـەندکراوە و نوێنەری ئێمەش رەزامەندبوە لەسـەری کە ئەمەش بو بە رەخنەیەکی زۆر بۆ من، بۆیە تا ئێستاش پاڵپشتی کۆنوسـی یەکەـم، لەکاتێکدا دەبوایە ئەم شـەڕە بەرێوبەرایەتی گەشتوگوزار بیکردایە، چونکە ئەرکی ئێمە زەوی تەرخان کردن و قەرەبوکردنەوەی جوتیارەکانمانە.
لەبەرامبەردا، هێرش فەیزوڵڵا، بەڕێوبەری گشـتی گەشـتوگوزاری گەرمیان باس لەوە دەکات: کۆڕنیشـەکە کەم نەکراوەتەوە، بەڵکو روبەری زەویەکەی کەمکراوەتە کە ئەمەش بە لیژنە کراوە و دوای ساڵێک بڕیاری لەسەر دراوە.
جەختی لەوەشـکردەوە: هۆکارێکی دیکـە روبارەکە بو، کە دەبو دەستکاری بکرایە.

## ٣. پێشخستنی بەرژەوەندی تایبەت لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی

بەشـێک لـە هاوڵاتیان و چالاکوانان پێیانوایـە پرۆژەکە هێندە لە بەرژەوەندی کەس و حزب و کۆماپانیاکانە، ئەوەندە لە بەرژەوەندی گشتی دا نیە، حکومەتیش ئەم قسەیە رەد دەکاتەوە.
ئـازاد عەبدولـڵا، هاوڵاتی لە قەزای کەلار، دەڵێت: حکومەت باس لەوە دەکات وەبەرهێن پرۆژەی گەشـتیاری ئەنجام نادات بە تەنها تاوەکو پرۆژەکە بازرگانی و نیشتەجێبونی تێدا نەبێت، ئەمەش بە پاساوی ئەوەی حکومەت بودجەی نیە و چەندین پرۆژە راگیراوە لە کاتێکـدا بودجە و داهاتێکی زۆر لە گەرمیانەوە دەچێتە خەزێنەی گشتی دەوڵەت و وەزارەتی دارایی.
هاوکات، ئارام قەحتان حسێن، هاوڵاتی لە قەزای کەلار، وتی: لە پرۆژەکەدا هەندێک گۆڕانکاری کراوە لە بەرژەوەندی وەبەرهێن بوە نەک هاوڵاتیان، یەکێک لەوانە کۆڕنیشەکەیە.
«هەر پرۆژەیەک کە لە قەزای کەلار دروسـت دەکرێت یەکەم شت کـە لەبەرچاو گیـراوە بەرژەوەندی حزب و کۆمپانیـا و مەکتەبی دارایـی یەکێتیـە کە خاوەنی ئەم سـنورەیە، شـتێک نیە بەناوی گوێگرتـن لـە هاوڵاتیان و بەرژەوەنـدی هاوڵاتیـان، بەڵگەش بۆ ئەمـە ئەوەیـە کۆڕنیشـەکە کەمکراوەتـەوە و خراوەتـە خزمەتی وەبەرهێنەکانـەوە». ئومێـد جومعە، هاوڵاتی لـە قەزای کەلار وا دەڵێت.
چالاکوانێکیش پێیوایە ئەو پرۆژەیە زیاتر خزمەت بە وەبەرهێنەران دەکات وەک لە هاوڵاتیان.
ئاراز محەمـەد، وتی: لەوەڵامی ئەنجومەنی پارێزگایی سـلێمانیدا سـەبارەت بـە زۆنەکانی روباری سـیروان کـە پێیانوابوە دەبێت سیروان تەنها بکرێت بەپرۆژەی گەشتیاری، بەرپرسە ئیداریەکانی سـنورەکە کۆنوسـی دوەمیان پەسەند کرد، کە کۆنوسێکە تێیدا مافـی هاوڵاتـی وەکپێویسـت رەچـاو نەکـراوە، ئەو کۆنوسـەش پەلەپەلکـردن بەپەسـەند کردنیەوە دیارە، تێیـدا چەند خاڵێکی کۆنوسـی یەکەم دەسـتکاری کـراوە، ئەمەش ئـەوە دەردەخات بەرژەوەندی وەبەرهێن و سەرمایەداران لە پێش هاوڵاتیانەوە بوە.
لەبەرامبـەردا، رامیـار عەبدولڕەحمـان، جێگری سەرپەرشـتیاری ئیدارەی گەرمیان بۆ کاروباری هونەری، دەڵێت: ئێمە بەرژەوەندی هاوڵاتیانمان بەلاوە گرنگ بوە، شـتێک نیە بەرژەوەندی وەبەرهێن خرابێتە پێش هاوڵاتیانەوە، لە ئێستادا ئەو پرۆژەیە ٢ زۆنی ماوە چ کۆمپانیایـەک ئامادەیە بیکات بە پرۆژەی گەشـتیاری بەتەنها، وەک ئیدارەی گەرمیان پێشوازی لێدەکەین و هاوکاریشیان دەبین.
هاوکات، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان دەڵێـت: ئـەوەی کە بـاس دەکرێـت بەرژەوەنـدی وەبەرهێن لە پێش هاوڵاتیانەوەبـوە من وای نابینم، چونکە پرۆژەکە دەکەوێتە خزمەتـی خەڵـک و شاریشـەوە، بەجۆرێک قەزای کـەلار لە روی گەشتیارییەوە لەمێژوی دروستبونیەوە گەورەترین هەنگاو دەنێت، هەروەهـا زۆرترین هەلی کار دروسـت دەبێـت و جوڵەی بازرگانی بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات.

## ٤. ڕەچاونەکردنی ڕێژەی سەوزایی پێویست

پسپۆڕێکی بواری ژینگە باس لەوەدەکات ئەو پرۆژەیەی لەسەر روباری سیروان ئەنجام دەدرێت وەکپێویست رەچاوی ڕێژەی سەوزایی و ژینگەی تێدا نەکراوە.
عەبدولموتەڵیب رەفعەت، پسپۆری بواری ئاو و ژینگە و مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، دەڵێت: ئەو پرۆژانە ئەگەر پرۆژەی گەشتیاری بن ئەوە پێویستە بەلانیکەمەوە ٣٠-٤٠٪ی بکرێتە زۆنی سەوز و دەبێت رەچاوی موحەرەماتی روبارەکە بکرێت لە روی دوری لە رۆخی روبارەکە و پاراستنی لە روی ژینگەییەوە، چونکە بەشێک لەو پرۆژانە گۆڕدراون بۆ پرۆژەی نیشتەجێبون، ئەمەش مەترسی پیسبونی روبارەکە زیاتر دەکات و کاریگەری ومەترسی لەسەر ژینگە و سیستەمی روبارەکە زیاتر دەکات.
وتیشی: لە هەمو وڵاتێک کاتێک پرۆژەیەکی نیشتەجێبون یان گەشتیاری یاخود هەر پرۆژەیەکی تر پێشکەش دەکرێت بۆ حکومەت بە مەبەستی دروستکردنی، پێش هەمو شتێک دەبێت لایەنی ژینگە راپۆرتێکی تێروتەسەل ئامادە بکات بۆ دەستنیشانکردن وهەڵسەنگاندنی کاریگەرییە ژینگەییەکانی ئەو پرۆژەیە و لەسەر رۆشنایی ئەو راپۆرتە پرۆژەکە یان رەت دەکرێتەوە یاخود یا قبوڵ دەکرێت و مەرجە ژینگەییەکانی بەسەردا دەسەپێنرێت.
دەپرسێت: ئایا ئەو پرۆژانە بەو فلتەرە تێپەڕیون؟! بێ گومان نەخێر، چونکە ئەگەر ئەو هەڵسەنگاندنە بۆ ئەو پرۆژانە بکرایە لە روی ژینگەییەوە ئەوە ڕێژەی سەوزایی زیادەکرا و چارەسەری گونجاو بۆ پاشماوە و پاشەڕۆکان دیاریدەکرا و موحەرەماتی روبارەکەش دیاریدەکرا.
لە بەرامبەردا، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، دەڵێت: لە روی ژینگە و سەرچاوەی ئاویەوە ڕێژەیەکی فراوان سەوزایی تێدا دروست دەبێت لەبەر دروستبونی ئەو روبەرەی بۆ سەوزایی و کۆرنیش دیاری کراوە، هەروەها ئەوەشی کە ماوەتەوە بەپێی یاسا و رێنمایی ژینگە دەبێت لە ٢٥٪ی سەوزایی بێت، بەو پێیەش زۆنەکان بە نزیکەی لە ٣٥ بۆ٤٠٪ دەبێتە سەوزایی، واتە زیاتر لە٧٥٠ دۆنم.
بەڕێوبەری فەرمانگەی ژنگەی گەرمیان باس لەوەدەکات ڕێژەی سەوزایی لە پرۆژەکەدا دیارییکراوە.
د. دورەید سەلیم، بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان دەڵێت: تەنها خاڵێک کە پەیوەندی بە ئێمەوەیە وەک فەرمانگەی ژینگە لەو پرۆژەیەی سەر روباری سیروان، جێبەجێکردنی مەرج و رێنماییە ژینگەییەکانە کە لە کۆنوسی یەکەم و دوەمیش جەختمان لێ کردوەتەوە.
وتیشی: یەکێک لە خاڵەکانمان ئەوەیە کە ڕێژەی سەوزایی لە ٢٥٪ کەمتر نەبێت، ئەگەرهاتو لە حاڵەتێکدا ئەو ڕێژە سەوزاییەی کە دیاریمان کردوە وەک ئەوە نەبێت و لە ماستەرپلانەکەدا جێگەی نەکرابێتەوە، ئەوا قەرەبوی پێدەکەینەوە لەناو سەنتەری شارەکانی تردا.
بە رای عەبدولموتەڵیب رەفعەت، پێویستە ئەو پرۆژانە مەرجە ژینگەییەکانیان بەسەردا پسەپێنرێت بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردنی پاشماوە و پاشەڕۆکان وپاراستنی روباری سیروان لە پیسبون.
د. دورەید سەلیم، جەخت لەم خاڵە دەکاتەوە و دەڵێت: دەبێت پرۆژەکە یەکەی چارەسەری ئاوی ئاوەڕۆی هەبێت کە تێکەڵ بە روبارەکە نەکرێت، بۆ ئەمەش شارەوانی پێی جێبەجێدەکات، ئەگەرچی تاوەکو ئێستا سایتپلانی پرۆژەکە نەهاتوەتە لامان.
لەبەرامبەردا، ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، دەڵیت: هەمو پرۆژەیەکی وەبەرهێنان دەبێت یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆی تایبەت بە خۆی هەبێت، ئەم پرۆژەیەش دەبێت بۆ خۆی هەیبێت.
هاوکات هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، جەخت دەکاتەوە: «هەمو پرۆژەیەکی وەبەرهێنان کە دروست دەکرێت دەبێت یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆی هەبێت، ئەمەش جێگیرە و بەپێی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیرانە کە وەبەرهێن دەبێت بە باشترین و مۆدێرنترین شێواز چارەسەری ئاوی قورسی پرۆژەکەی بکات».




نەخشەی جوگرافیای پرۆژەکە

## ٥. وەرنەگرتنی بۆچونی هاوڵاتیان و شارەزایان

ئـەوەی تێبینی دەکرێت لەلایـەن چالاکوانانەوە، بـۆ بڕیاردان لە پرۆژەکە، پرسوڕا بە کەسانی پسپۆڕ و چالاکوانان نەکراوە.
ئەیـاد محەمەد، چالاکوان لە کەلار، دەڵێت: دەکرا بۆ پرۆژەیەکی لـەو شـێوەیە رای کەسـانی پسـپۆڕ و شـارەزای بـواری ژینگە وەربگیرایە لەگەڵ چالاکوانان، ئەگەر پرۆژەکە بۆ خەڵک دەکرێت. هیچ کام لەو هاوڵاتی و پسپۆڕانەی کە دواندومانن لەم راپۆرتەدا، لەلایەن یەکـە ئیدارییە پەیوەندیدارەکانەوە راوبۆچونیان لەسـەر پرۆژەکە وەرنەگیراوە.
سەبارەت بەوەی تاچەند رای ئەوان وەکو بازرگان و وەبەرهێنەران وەرگیـراوە لـە بیرۆکەی پرۆژەکـەدا، محەمەد ئەحمـەد، بازرگان لەکـەلار، وتی: ئەوەی ئـاگادار بم رای بازرگانـەکان وەرنەگیراوە لەسەر ئەم پرۆژەیە.

## ٦. دروستنەکردنی پرد

لەسەرەتاوە واراگەیەنرا لەچوارچێوەی ئەم پرۆژانەی سەر روباری سـیروان، پردێک یان زیاتر دروسـت دەکرێت کـە کەلار بەوبەری سیروانەوە دەبەستێتەوە.
هونـەر مەحمـود، بەڕێوبـەری گشـتی وەبەرهێنانـی گەرمیـان، لەمبارەیـەوە دەڵێت: ئەو پردەی کە باس دەکرا دەچێتەوە سـەر روبـاری سـیروان، تەنها پێشـنیارێک بو کرا کە دروسـت بکرێت لـە چوارچێوەی ئـەو پرۆژەیەدا، بەڵام هیـچ وەبەرهێنێک پابەند نەکراوە کە بیکات، چونکە ٥ بۆ ٦ ملیۆن دۆلاری تێدەچێت، بۆیە رون نیە دروست دەکرێت یاخود نا.

## ٧. پرسی قەرەبوکردنەوەی جوتیاران و هاوڵاتیان

ئـەو زەویانـەی کە بەر پرۆژەی زۆنەکانی سـەر روباری سـیروان دەکەوێت، زەوی کشـتوکاڵی و بەردەڵانی و رۆخ (شـواگئ)ن کە لەلایـەن جوتیارانـەوە بەکاردەهێنرێـت، بەرپرسـانی ناوچەکەش دەڵێن قەرەبوی هاوڵاتیان دەکرێتەوە.
شـادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشـتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: لە ئێستادا خەریکی دیراسەکردنی ئەو زەویانەین کە بەر زۆنەکان دەکەوێـت و قەرەبوی جوتیارەکانمان بکەنەوە، ئەگەرچی ئەمەش دو جۆرە، جۆرێکیان گرێبەسـتیان هەیە و جۆرەکەی دیکەشیان رۆخن کە ساڵانە گرێبەستەکەیان نوێ ئەکرێتەوە و جوتیاری وامان هەیە ٥٠ سـاڵە لەسـەر ئـەو زەویانەیە و باخـی هەیە و بەربومی هەیە، کە دەبێت قەرەبو بکرێنەوە و لە ٪٣ قەرەبو دەیانگرێتەوە.
وتیشـی: کاتی خۆی دەسـتمان لە ٤٦١ دۆنم زەوی هەڵگرتبو بۆ بەڕێوبەرایەتی گەشـتوگوزار بۆ پرۆژە کە ئەوەشـی بەردەکەوێت، چونکە ئەوان رەزامەندیان داوە و ئەو تەرخان کردنە هەڵدەوەشێتەوە و لە رێگەی ئێمەوە دەدرێت بە کۆمپانیا.
بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی گشـتی کشتوکاڵی گەرمیان، زیاتر لـە ٢٧٥ دۆنم زەوی بەر پرۆژەکە دەکەوێت، لەو روبەرە زەویەش ٢٠٠ دۆنمی باخە.
جگە لە کێڵگە و باخی کشـتوکاڵی، ماڵ و کارگەش هەن کە بەر پرۆژەکە دەکەون.
«هەرجێگـە و ماڵێـک کـە بەر پرۆژەکە بکەوێت، بەپێی یاسـا و رێنماییـەکان قەرەبـو دەکرێتـەوە ئەگـەر قەرەبـو بیانگرێتەوە، ئەمەش وەبەرهێن دەیکات نەک حکومەت، لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە لە داهاتو تەنها لیژنەیەکیان بۆ پێکبهێنین بۆ ئەوەی بزانن چەند شوێن و ماڵ بەری دەکەوێت». ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار وای وت.
هونـەر مەحمـود، بەڕێوبـەری گشـتی وەبەرهێنانـی گەرمیانیش دەڵێت: «قەرەبوی ئەو زەوی و ماڵانەی کە دەکەوێتە بەر پرۆژەکە لـە چوارچێوەی یاسـا و رێنماییـەکان قەرەبوکردنەوەکە ئەنجام دەدرێت، ئەمەش لە رێگەی لایەنی پەیوەندیدارەوە و وەبەرهێن و کۆمپانیا قەرەبوەکەی دەکەوێتە ئەستۆ».
هـاوکات، هـادی عەبدولرەحمـان، خاوەنـی کۆمپانیـای HST لەبواری وەبەرهێنان لە گەرمیان، باس لەوە دەکات: بەپێی یاسـا و رێنماییەکان هەر هاوڵاتیەک قەرەبو بیانگرێتەوە و موڵکەکانیان بـەر پرۆژەکـە بکەوێت ئەوە لەلایەن ئێمـەوە قەرەبو دەکرێتەوە، ئەگەرچـی تاوەکـو ئێسـتا کۆبونەوەیـەک نەکـراوە کـە دەبێت قەرەبوەکە چی بێت.
جەختی لەوەشکردەوە: هەر زەویەک یان خانویەک بە زیادەڕەوی دروسـت کرابێت و داگیرکرابێت و یاسـا هەقی پـێ نەدات، ئێمە قەرەبویان پێ نادەین.

## ٨. گرنتی جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان

یەکێـک لـەو تێبینیانـەی کە لـە پرۆژەکـەدا هەیـە، ئەوەیە کە حکومـەت چ گرەنتیەکی کردوە بۆ ئەوەی وەبەرهێنەکان پرۆژەکە بەتـەواوی جێبەجێ دەکـەن و پابەند دەبن بەو سـایدپلانەی کە حکومەت پەسـەندی دەکات، هەروەک تاچەند خزمەتگوزارییەکان کە خراوەتە سەرشانی وەبەرهێنەکان، جێبەجێ دەکرێن؟
هونـەر مەحمود، لەوبارەوە دەڵێـت: کۆمپانیاکان پابەندکراون بە جێبەجێکردنـی هەمو بڕگەکان، بۆ ئەو مەبەسـتەش بەڵێنامەیان پێ پڕ کراوەتەوە.
لەبـارەی ئەوەی ئایا پرۆژەکە سـەرەتا یەکە نیشـتەجێبونەکانی دەسـتپێدەکرێت یاخـود بڕگـە خزمەتگوزارییـەکان، بەڕێوبـەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان دەڵێت: کە مۆڵەت بە پرۆژەکە درا، یەکەم کار دروستکردنی کۆڕنیشەکە و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی دیکەیە.
وتیشـی: زەوی پرۆژەکە پێویسـتی بە پڕکردنەوە هەیە، ئەوەش لەبەرچاو گیراوە کە روبارەکە بە تەنیشـتی دەڕوات بۆ مەترسـی لافـاو، بـە جۆرێک ٣ بۆ ٤ مەتر زەویەکـە پڕدەکرێتەوە، هاوکات زەویەکە هەڵدەکۆڵیرێت «حفر» و بەردی گەورەی تێدا دادەنرێت کە وەک راگرێک و دەبێت بە کۆڕنیشـەکە، بۆ ئەو مەبەسـتەش سـتافی ئەندازیاریی لایەنـە پەیوەندیـدارەکان چاودێری دەکەن، دەبێت وەبەرهێنیش جێبەجێی بکات.

# بەشی سێیەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

١. پـرۆژەی سـەر روبـاری سـیروان کە بـە «زۆنـەکان» لەناو هاولاتیاندا ناسـراوە، دەبێتە گەورەترین پـرۆژەی وەبەرهێنان لە مێـژوی گەرمیاندا کە گوژمەکەی بە ١ ملیار دۆلار دەخەملێنرێت. ئـەم پرۆژەیـە لە ٢٤٠٠ دۆنـم زەوی پێکدێت درێـژی ٩ کیلۆمەتر کە لە بەردەسـوری باکوری کەلارەوە تا گردەگۆزینەوەی باشوری کەلار بە رۆخی روباری سیروان دا درێژ دەبێتەوە. بڕیارە هەریەکە لـە زۆنەکانی پرۆژەکە لە رۆژی دەسـتپێکردنیەوە، بە ٤-٥ سـاڵ تەواو بکرێت.

٢. لەمیانـی بەردواداچونەکانمان دا هەسـتمان بەوەکرد کە لایەنە فەرمییـەکان زانیارییەکانیان زۆر لەسـەر پرۆژەکـە ورد و بنبڕانە نیـە، بۆنمونە نازانن ژمارەی زۆنـەکان چەندن؟ چونکە لەکاتێکدا زۆربەیان دەڵێن ٥ زۆنە، بەڕێوبەری نەخشەدانان دەڵێت ٦ زۆنە! هەروەک لە خودی زۆنەکانیشـدا وردەکاریی پێویسـت بەردەسـت نیە، بۆنمونە زۆنی چوار و پێنج نازانرێت چەند دۆنمن! زۆنەکانی یـەک و دو سـێ نازانرێت بە وردی چی پرۆژەیەکـی تێدا ئەنجام دەدرێت و بڕ و رێژەکەیان چەندە!

٣. پرۆژەکە بە وتەی بەرپرسـان و شـارەزایان، ئاسـتی ناوچەکە دەباتـە قۆناغێکی پێشـکەوتوەوە، بەوەی روبـەری قەزای کەلار زیاتـر دەکات و هەندێـک پرۆژەیشـی تێدا بونیـاد دەنرێت کە لە قەزاکەدا کەمن یان سنوردارن.

٤. پرۆژەکـە بـە کۆدەنگـی فەرمانگە پەیوەندیـدارەکان بڕیاریان لەسـەر دراوە بـە سەرپەرشـتی ئیـدارەی گەرمیـان، بـەڵام لەم نێوەندەدا هیچ پرسوڕایەک بە شارەزایان و پسپۆڕان و چالاکوانان و کۆمەڵی مەدەنی نەکراوە، ئەڵقەیەکی تەسکی بەرپرسان نەبێت، رایگشتی لەبارەی پرۆژەکەوە ئاگادار نین.

٥. گەورەتریـن رەخنـە کـە ئاراسـتەی پرۆژەکـە دەکرێت، بونی یەکەی نیشـتەجێبونە تیایدا، لەکاتێکـدا هاوڵاتیان و چالاکوان و شـارەزایان وای بە گونجاو دەزانن ئەو سـنوری پرۆژەکە هەموی بکرێت بە پرۆژەی گەشـتیاری و کشـتوکاڵی، بەڵام بەرپرسـانی حکومـی ئاماژە بەوەدەکەن کە هیـچ وەبەرهێنێک ئامادە نیە ئەو پـارە زۆرەی کە بۆ خزمەتگوزارییەکان و دروسـتکردنی کۆرنیش و باخچـە و روبار دەستنیشـان کراوە، بە تەنیـا لەپێناو پرۆژەی گەشتیاری دا خەرج بکات.

٦. حکومەت هیچ دیزاین و نەخشەیەکی ئامادەکراوی بۆ پرۆژەکە نەبوە کەلەسـەر ئەو بنەمایە وەبەرهێنەکان بێن جێبەجێی بکەن، بەڵکـو ئـەوەی هەبوە زەویەکـە دیارییکراوە و روپێـوی کراوە و مەرج و هێڵە گشتیەکان خراوەتەڕو، دواتر کۆمپانیا وەبەرهێنەکان خۆیان دیزاینیان بۆ پرۆژەکە کردوە.

٧. هەندێک لە شـارەزایان و هاوڵاتیان تێبینییان لەسـەر روبەری سـەوزایی هەیە لە پرۆژەکـە، لەکاتێکدا ئەوان پێیان کەمە، بەڵام حکومـەت دەڵێت بە رێژەی ٢٥-٣٠٪ـی پرۆژەکە دەبێتە روبەری سەوزایی. هەروەک پرسی پیسبونی ژینگە و بەتایبەتی سەرچاوەی ئاوی سـیروان کە بەتەنیشت پرۆژەکەوەیە، لە خەمەکانی دیکەی چالاکـوان و شـارەزایانی ژینگەیـە، بـەڵام بەوتەی بەرپرسـان، پرۆژەکە یەکەی چارەسەرکردنی ئاوی قورسی دەبێت.

٨. هەندێـک لـە هاوڵاتیان مەترسـیی خۆیان لەوە پیشـاندەدەن کـە پرۆژەکە ببێت بە زۆنی ئەوانـەی کە دەوڵەمەندن و داهاتیان زۆرە، لەکاتێکدا زەویەکە موڵکی گشتییە، بەڵام حکومەت جەخت لەوەدەکاتـەوە کە لە پرۆژەکـەدا چەندین خزمەتگوزاریی هەن کە کراوەن و هەمو هاوڵاتیان دەتوانن لێی سـودمەند بن، ئەمە جگە لەوەش پرۆژەکە داهاتێکی زۆری بۆ حکومەت دەبێت.

٩. کۆرنیشـی پرۆژەکـە، یەکێکـە لـە دیارتریـن تەحـەدی و ئالەنگارییەکانی ئەم پرۆژەیە، چونکە بەسەر ٥ زۆن دا دابەش بوە کە ٥ کۆمپانیا جێبەجێی دەکات، هەروەک ئەم کارە «دروستکردنی کۆرنیش» پێشـتر لە ناوچەکەدا ئەزمون نەکراوە و لەسەر ئاستی هەرێمیـش ئەزمونێکی وەهـا دەوڵەمەند لەوبارەیـەوە بونی نیە، ئەمەش مەترسـی ئـەوەی لێدەکرێت پرۆژەکە روبەڕوی کێشـە و ئاسـتەنگ بکاتەوە هەتا ئاستی هەرەسهێنان، بەڵام حکومەت لەو روەوە نیگەران دیار نییە و دەشـڵێت کۆمپانیاکانی پابەند کردوە بـەوەی دەبێت هەمویان بە یەک دیزاین پرۆژەکە جێبەجێ بکەن، هاوکات وەک ئەوەیشی کە بڕیاری لێدراوە جێبەجێی بکەن.

١٠. کەمکردنـەوەی روبەری کۆرنیشـی پرۆژەکە بـە پانی ٥٠-٥٥ مەتر، یەکێکە لەو تێبینییانەی کە چالاکوانان هەیانە لەبارەیەوە، لەکاتێکدا حکومەت پێیوایە ئەم کەمکردنەوەیە بڕیاری دروسـتە، چالاکوانان بە ئاسانکاریی بۆ قازانجی کۆمپانیاکان و پێدانی مافی گشـتی بە تایبەت و پێشخستنی بەرژەوەندی تاک لەسەر حسابی کۆ لێکی دەدەنەوە.

١١. یەکێـک لەو مەترسـیانەی دیکە روبەڕوی پرۆژەکە دەبێتەوە، تەواونەکردنـی خزمەتگوزارییەکانـی پرۆژەکەیـە لەلایـەن وەبەرهێنەرەکانەوە و لەبەرامبەردا گرنگیدان بە تەواوکردنی پرۆژە نیشـتەجێبون و بازرگانیەکانی خۆیان، بەتایبەتی کە کۆمپانیاکان پێشتر ئەزمونی لەمشێوەیەیان هەیە لە ناوچەکەدا، بەڵام حکومەت دەڵێـت: کۆمپانیاکان هەتا بڕگـە خزمەتگوزارییەکان و بەتایبەت کۆرنیشـەکە تەواو نەکـەن، بۆیان نیە بڕگەکانـی دیکە جێبەجێ بکەن.

١٢. قەرەبوکردنەوەی ئەو کەسانەی کێڵگە و باخ و ماڵ و کارگەیان بـەر پرۆژەکـە دەکەوێت، یەکێکـی ترە لە کێشـەکان، ئەگەرچی حکومـەت لەم روەوە ئەرخەیان دیارە بـەوەی کۆمپانیا قەرەبوی هەمو ئەو کەسـانە دەکاتـەوە کە بەپێ یاسـای روبەری زەوییان بەر پرۆژەکە دەکەوێت، بەڵام بە ئەزمونی پێشتری ناوچەکە، ئەم بابەتە هەروا ئاسان نیە و دەبێت وردتر حسابی بۆ بکرێت.

## دوەم: راسپاردەکان

- بە پشت بەستن بەو دەرەنجامەی بەدەستمان گەیشتوە، حکومەت تێڕوانینێکی رونی نیە لەسەر پرۆژەکە، لەکاتێکدا ئامانجەکەی برەودانە بە ناوچەکە لە روی گەشتیاری و بازرگانی و نیشتەجێبونەوە، بەڵام ئەو داتا و لێکۆڵینەوانەی لەبەردەستی دان ورد و پشت ئەستور نین بە زانست. بۆنمونە حکومەت تەنانەت هەندێک وردەکاریی وەکو روبەری زۆنەکان تائێستا بە تەواوی نازانێت، هەروەک بۆیشی رون نیە لە زۆنەکان دا چی بکرێت و چی نەکرێت.
بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاز دەکەین حکومەت دوبارە هەڵسەنگاندنەوە بۆ پرۆژەکە بکات، ئەویش لە رێگەی کەسانی پسپۆڕ و لەنێوی دا بەشە پەیوەندیدارەکانی زانکۆی گەرمیان، لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی بۆ هەمو رویەکی بکرێت.

- بەوپێیەی پرۆژەکە گەورەترین پرۆژەی وەبەرهێنانە لەمێژوی ناوچەکەدا، بۆیە دەبوایە حکومەت گرنگی بە رای هاوڵاتیان و چین و توێژەکان بدایە.
بۆیە پێشنیاز دەکەین دوای گەڵاڵەکردنی پرۆپۆزەڵێکی تەواو لەبارەی پرۆژەکەوە و رون بونەوەی هەمو لایەنەکانی، راپرسیەک لەناو هاوڵاتیان دا بکرێت بەوەی رازیین بە ئەنجامدانی پرۆژەکە یاخود نا، ئەم هەنگاوەش دەبێتە دەستپێشخەرییەکی نوێ و گرنگ لە بەشدارییکردنی هاوڵاتیان لە بڕیارە گرنگ و ستراتیژیەکانی شار و ناوچەکەی خۆیاندا.
لەکاتی نەتوانینی ئەنجامدانی هەنگاوی لەمشێوەیەش، گرنگە کۆڕ و کۆبونەوەی جەماوەریی فراوان ئەنجام بدرێت و چین و توێژە جیاوازەکان بەشدارییان پێبکرێت و گرنگی بە بەشداریی کۆمەڵی مەدەنی و شارەزایان و کەسانی پسپۆڕ بدرێت، پاشان دواین بڕیار لەبارەی پرۆژەکەوە بدرێت. ئەو بڕیارانەش بە رون و شەفافانە بۆ خەڵکی ئاشکرا بکرێن.

- پرۆژەکە بەوپێیەی بێپێشینەیە لەناوچەکە و تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش دا کەمپێشینەیە، بۆیە پێشنیاز دەکەین کەسانی پسپۆڕ و لەنێویشی دا پسپۆڕانی بیانی، بەشدار بن لە گەڵاڵەکردنی دا، بەرەچاوکردنی ئەو ریسک و مەترسیانەی دەکرێت هەیبێت بەتایبەتی لە دەستکارییکردنی ئاراستەی روباری سیروان و مەترسی لافاو و پتەویی کۆرنیشەکەی و بەهێزکردنی زەوی پرۆژەکە. هەروەک لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر لە ئاستی وەزارەتەکان، لەرێگەی شارەزاکانیانەوە بەشدار بن لەم گەڵاڵە کردنە.

- ئەگەرچی حکومەت دەڵێت رێکارەکان بە شەفافی کراون، بەڵام بەپێی ئەو بەدواداچونانەی یەکەکەمان کردویەتی، هیچ بانگەواز و کۆبونەوەیەکی کراوە نەکراوە بۆ کۆمپانیا و وەبەرهێنەکان بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەکە، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر بە راستەوخۆیی پرۆژەکە دراوە بە کۆمپانیاکان.
ئەمەش بەهەنگاوێکی نادروست دەزانین و پێمانوایە کەلەپێناو بەرژەوەندی گشتی و بۆ برەودانی زیاتر بە شەفافیەت و کێبڕکێ «منافسە» لەپێناو بەرژەوەندی گشتی، واباش بو کە پرۆژەکە دەرخستەی بۆ ئامادە بکرایە و بڵاو بکرایەتەوە بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان تەندەری خۆیان پێشکەش بکردایە، تەنانەت دەتوانرا بانگهێشتی کۆمپانیا بیانییەکانیش بکرێت بۆ ئەم مەبەستە.

- بەپێی دەرەنجامی بەدواداچونەکان، وادەردەکەوێت حکومەت زۆر گرنگیی بەو مەترسی و ریسکانە نەداوە کە رەنگە ببنە هۆی وەستانی پرۆژەکە، یان جێبەجێنەکردنی بڕگەکانی. واژوکردنی بەڵگەنامەیەک بە تەنیا، ناتوانێت رێگری بکات لەوەی وەبەرهێنەکان بڕگەکان وەکخۆی و بە باشی جێبەجێ بکەن. بۆیە پێویستە ئالیەتی تر بدۆزرێتەوە لەوبارەیەوە، چونکە ئەزمونی هاوشێوە زۆر هەیە کە وەبەرهێنەر لەبەرامبەر پێدانی روبەرێک زەوی یان پرۆژەیەک پێی، بڕیاری ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەکی لە شار داوە، کەچی یان نەیکردوە، یان بە نیوەناچڵی جێیهێشتوە.

- بەپێـــی دەرەنجامـــی بەدواداچونەکان، وادەردەکەوێـــت حکومەت زۆر گرنگیی بەو مەترســـی و ریســـکانە نەداوە کـــە رەنگـــە ببنە هـــۆی وەســـتانی پرۆژەکە، یـــان جێبەجێنەکردنـــی برگەکانـــی. واژۆکردنـــی بەڵگەنامەیەک بە تەنیـــا، ناتوانێـــت رێگری بـــکات لـــەوەی وەبەرهێنەکان برگـــەکان وەکخۆی و بە باشـــی جێبەجـــێ بکەن. بۆیە پێویســـتە ئالیەتـــی تـــر بدۆزرێتـــەوە لەوبارەیـــەوە، چونکـــە ئەزمونـــی هاوشـــێوە زۆر هەیە کـــە وەبەرهێنەر لەبەرامبـــەر پێدانـــی روبەرێـــک زەوی یـــان پرۆژەیـــەک پێی، بڕیـــاری ئەنجامدانـــی خزمەتگوزارییەکی لە شـــار داوە، کەچـــی یان نەیکـــردوە، یان بـــە نیوەناچڵی جێیهێشـــتوە.

- پێشـــنیاز دەکەیـــن حکومەتـــی خۆجێی گەرمیان وردتر لەســـەر پرســـی قەرەبـــوی ئەو کەســـانەی زەویەکانیان بـــەر پرۆژەکـــە دەکەوێـــت بوەســـتن، چونکـــە ئـــەم کێشـــەیە پێشـــتر ئەزمونـــی خراپـــی هەیـــە و وایکردوە پـــرۆژەی دیکـــەی گرنـــگ بەوهۆیەوە بوەســـتن، بۆیـــە لەپێناو دوبـــارە نەبونـــەوەی دا، واباشـــە گرنگیی زیاتر بەم پرســـە بدرێت.

- گرنگـــە حکومـــەت وەڵامی هەمو ئـــەو مەترســـی و نیگەرانیانە بداتـــەوە کە هاوڵاتیـــان لەبەرامبـــەر ئەنجامدانی ئـــەم پرۆژەیـــەدا هەیانـــە، ئەویـــش بـــەوەی پرۆژەکـــە تاچەنـــد هـــی هەموانـــە و تاچەند ســـودی بۆ گشـــت دانیشـــتوان دەبێـــت، بەپێچەوانـــەوە پرۆژەکـــە ئـــەو جێگـــە و پێگەیە ناگرێـــت کە دەویســـترێت لێی.

- ئەگەرچـــی ئامـــاژە بەوەکـــراوە نزیکـــەی چارەکـــی روبەری پـــرۆژەکان دەبن بە ســـەوزایی، بـــەڵام پێوەرەکان بـــۆ جێبەجێکردنیـــان رون و راشـــکاو نیـــن، هاوکات شـــارەزایانی ئەم بوارەش مەترســـییان هەیـــە. بۆیە گرنگە ئـــەم لایەنـــە بـــە هەند وەربگیرێـــت و ئەو روبـــەرەی بۆ ســـەوزایی دانـــراوە نەک سازشـــی لێنەکرێـــت، بەڵکو زیاتـــر بکرێـــت، ئەویـــش بەهـــۆی هەڵکەوتـــەی شـــوێنی پرۆژەکـــەوە کە لـــە رۆخی روبـــاری ســـیروان دایە و رەنگـــە ئاودێرییکردنـــی روبـــەرە ســـەوزاییەکان ســـەختیەکی وەهـــای نەبێـــت. هـــەروەک چەســـپاندنی یەکەی چارەســـەری ئـــاوی قورســـی پرۆژەکـــە، هەنگاوێکـــی گرنگە و نابێت ســـازش لـــە جێبەجێکردنی یـــان بچوک و کەمکردنـــەوەی گوڕ و تواناکـــەی بکرێت.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکـــی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشـــتی سندوقی نیشـــتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیـــان ئەنجـــام دەدات بەمەبەســـتی پـــەرەدان بەکارەکانیان و هەروەهـــا بـــرەودان بە پرۆســـەی چاودێرییکردن و شـــەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەســـەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. سروە کەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net